# کاریگەری واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان بڵاوبوونەوەی (COVID-19) بەنمونە

د. کارزان محەمەد ئەحمەد*

وشە کلیلییەکان: میدیایی ئەلیکترۆنی، واتەوات، COVID-19، ئاسایشی کۆمەڵگا، هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10034

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەری واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان-بڵاوبوونەوەی (COVID-19) بەنمونە، لێکۆڵینەوەیەکی جۆرییە بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد) هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی ئەکادیمی تاوتوێی کاریگەرییەکانی ئەو واتەواتانە بکات کە لە میدیا ئەلیکترۆنییە فەرمییەکانەوە لە سەردەمی مەترسی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستاندا بڵاودەکرانەوە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە میتۆدنامە، بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ کاریگەرییەکانی واتەواتی ئەلیکترۆنی لەسەر (٦) بواری گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگا کە بریتین لە بوارەکانی (تاکەکەس، ڕەوشی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئیتیك و مامەڵە، ئابوری و دارایی، ژینگە). تیایدا نمونە لە سایتە ئەلیکترۆنییەکانی (ڕووداو، خەندان، NRT) لە ماوەی (١ی شوبات تا ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠ز) وەرگیراوە. لە بەشی پراکتیکدا، بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد) و دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ (١٠) کەسایەتی پەیوەندیدار بەو دۆسیەیە، مۆدیلێکی شیاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەتای (کۆرۆنا) خراوەتەڕوو. ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکەش بەشێوەی خاڵ خستومانەتەڕوو بۆ لایەنە ئەکادیمی و فەرمییەکان بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە.

**ملخص البحث:**

**تأثير شائعات الاعلام الالكتروني على أمن المجتمع في اقليم كوردستان العراق – انتشار COVID-19 كأنموذج**

هذه الدراسة من أنواع الدراسات النوعية باعتمادها على منهج (كراندد)، وتحاول بصورة أكاديمية بحث تأثيرات هذه الاشاعات المنشورة عبر الاعلام الالكتروني الرسمي في عصر انتشار فايروس (كورونا) في الامن الاقليمي لاقليم كوردستان.

خصص المبحث الأول من الدراسة للاطار المنهجي، أما المبحث الثاني فقد خصص للحديث حول

* مامۆستای بەشی تەکنیکی میدیا-زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی: karzan981@yahoo.com

تأثيرات الاشاعة الالكترونية على (٦) مجالات مهمة في الأمن الوطني وهي: (الجوانب الشخصية، الاخلاق والتعاملات، الحالة الاجتماعية، الاوضاع السياسية والاقتصادية والادارية، والبيئة)، و قد أخذت في الدراسة عينات من المواقع الالكترونية التالية: (رووداو، خندان، NRT- خلال الفترة من الأول من شباط الى ٣٠ من شهر نيسان سنة ٢٠٢٠ م ) وذلك في الجزء التطبيقي من الدراسة، وبالاعتماد على نظرية (كراندد) وبعد اجراء ١٠ مقابلات مع الشخصيات المتعلقة بالملف، وقدم نموذج مناسب في التعامل مع وباء كورونا، و تم عرض نتائج وتوصيات الدراسة في عدد من النقاط للجهات الأكاديمية والرسمية بغرض معالجة مشكلة الدراسة الرئيسية.

**Abstract:**

**The Impact of Electronic Media Rumors on the Community Security of the Kurdistan Region: a pandemic (COVID-19) as a model**

This research is entitled ( the effects of misinformation of electronic media on social security in kurdistan region- the outbreak of (COVID_19) as an example. It is a qualitative research based on Grounded theory attempts to discuss the effects of misinformation that is spread through the formal electronic media in the time of CORONA VIRUS in Kurdistan Region. The first part of the research is about Methodology, the second part is on the effects of electronic misinformation in six different aspects of social security which are ( individuals, social state, politcal, ethics and treatment, economical and financial and the enviornment). Examples are taken from electronic websites such as ( Rudaw, xandan, and NRT)during (1st of febeuary till 30th of April). In the practical part, based on Grounded theory and interviewing 10 individuals relevant to this case, a suital model to deal with CORONA VIRUS is presented. the results and recommendations of the research are presented in bullet points to the academics and officials in order to resolve the main problem of the resesrch.

# باسی یەکەم: میتۆدنامە

**یەکەم: ناونیشانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کاریگەری واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان) کە ماوەی مانگەکانی (١ی شوبات تا ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠ز)ی لەخۆگرتووە، هەستیارترین ماوەی پڕمەترسی بۆ بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) (COVID-19) بوو، تاوتوێیەکە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی (واتەوات) لەناو میدیا ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەستنیشانی جۆرو کاریگەرییەکانی ئەو دیاردەیە و مۆدیلێکی میدیایی بۆ مامەڵەیەکی نیشتیمانی لەگەڵ ئەو مەترسییە میدیاییە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەخاتەڕوو.

**دووەم: کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی هەستیار دەربارەی دیاردەی واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵگا، پرسیارە سەرەکییەکەش ئەوەیە: -واتەواتی تایبەت بە نەخۆشی کۆرۆنا (COVID-19) لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی، تا چەند کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان جێهێشتووە؟

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرسیارە سەرەکییەدا، توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارە لاوەکییانەش دەداتەوە:

-جۆرەکانی واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لەڕووی پۆلێنەوە چی بوون؟

- بڵاوکردنەوەی واتەوات لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی، چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان هەبوو؟

-ڕێکارەکانی بەگژداچوونەوەی واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان چییە؟

توێژەر بەپشتبەستن بە شیکاری زانستییانەی نمونەکان و بۆچوونی پسپۆڕانی ناوخۆ و بیانی، وەڵامێکی زانستیانەی پرسیارەکان بداتەوە، تا بە کۆی وەڵام و شرۆڤەکانیش کەرەستەی پێویست بۆ تێگەیشتن لە جۆرەکانی واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی و کاریگەرییەکانی و چۆنییەتی چارەسەریشی بخاتەڕوو.

**سێیەم: بایەخی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوە بایەخەکەی لە کۆمەڵێك خاڵدا خۆی چڕ دەکاتەوە، بەتایبەتی کە نەخۆشی (COVID 19)کۆی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی خستە بەردەم مەترسییەوە، بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆ بەتایبەت لە شوێنە گشتییەکان، گرنگترین سەرچاوەی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان بریتی بوو لە میدیای ئەلیکترۆنی.

بایەخی توێژینەوەکەش دەشێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

- ناساندنی واتەوات و جۆرەکانی و کاریگەرییەکانی کە بەهۆی میدیای ئەلیکترۆنییەوە لە

هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی مەترسیدار پەرەیسەندبوو.
- هەڵسەنگاندنی ئاستی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لەهەمبەر واتەواتی ئەلیکترۆنی لە ماوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستان .
- خستنەڕووی مۆدێلێکی میدیایی بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد تیۆری) بۆ میدیاکاران و بەرپرسانی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان، ئەویش لەپێناو بەگژداچوونەوەی ئەو هەڕەشانەی لە ئایندەدا دێنەئارا.

**چوارەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لەپێناو خزمەت بە میدیاکاران و دامودەزگا میدیاییەکان، هاوڵاتیان، دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بریتین لە:
- دەستنیشانکردنی واتەوات لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردیدا و خستنەڕووی کاریگەرییە نیگەتیڤەکانیان لەسەر کۆمەڵگا.
- پەرەپێدانی هۆشیاریی میدیایی لەناو میدیاکاران و چالاکوانانی ئەلیکترۆنی لەپێناو خۆپارێزی لە دیاردەی مەترسیداری واتەوات.
- هۆشداریدان بەو کەس و لایەنانەی کە واتەواتی ئەلیکترۆنی وەك ئامرازێ بۆ زیانگەیاندن بە ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنن.
- ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان بۆ ناسینەوەی واتەواتی میدیایی و مەترسییەکانی.
- هاندانی دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا، لەپێناو بەگژداچوونەوەی یاسایی و ئیتیکی لەساتی سەرهەڵدانی دیاردە مەترسیدارەکانی نموونەی واتەواتی ئەلیکترۆنی لەکاتی قەیراندا .

**پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بەشێوازی (جۆری - Qualitative)ە و لەڕووی میتۆدەوە (گراندد تیۆری) بەکارهێناوە کە لە ڕێی پشتبەستن بە هەڤپەیڤین لەگەڵ پسپۆڕان، تاوتوێیەکی زانستیانەی بابەتە میدیاییەکان دەکات. توێژەر بۆ ئەو مەبەستەش سەرەڕای شێوازی سەرنجدان و تێبینی، لەڕووی تیۆرییەوە کۆمەڵێك سەرچاوەی ئەکادیمی بەکارهێناوە. لە بەشی پراکتیکیشدا کۆمەڵێك هەڤپەیڤینی قوڵی لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی و پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەکە ئەنجام داوە، دوای تاوتوێ هەڤپەیڤینەکانیش بەپێی هەنگاوە زانستییەکانی میتۆدی (گراندد تیۆری)، هەوڵ دراوە مۆدێلێکی شیاو بۆ تەوەرەی توێژینەوەکە بخاتەڕوو .

**شەشەم: بواری توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگا و سنووری توێژینەوەکە بەسەر سێ بواری گرنگدا پۆلێن کراون :

١. بواری شوێن: توێژەر چەند میدیایەکی ئەلیکترۆنی لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێر) وەك

سامپڵی شوێنی توێژینەوە هەڵبژاردووە تا مشتێ لە خەرواری میدیاکانی هەرێمی کوردستان بێت .

٢. بواری کات: قۆناغێکی هەستیاری تەشەنەی نەخۆشی(COVID-19) کە تیایدا چەندین قەدەغەی جۆراوجۆری هاتوچۆو مامەڵەی تیادا ڕاگەیەندرا وەك نمونە بۆ توێژینەوەکە وەرگیراوە، بەتایبەتی (١ی شوبات تا ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠ز).

٣. بواری میدیایی: بەمەبەستی سامپڵێکی فرەلایەن کە گوزارشت بێ لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی، توێژەر لەبواری میدیای ئەلیکترۆنیدا، سایتەکانی (ڕووداو) و (خەندان) و (NRT) بە نمونە وەرگرت کە بایەخێکی زۆریان بەمەترسییەکانی ڤایرۆسی (COVID-19) داوە.

**حەوتەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەران لە ساتی هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، هەمیشە کۆمەڵێك ئاستەنگی تیۆری و پراکتیکی لەبەردەمدایە، گرنگترین ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە:

- کێشەی سەرچاوە بەزمانی کوردی بەهۆی تازەیی پەتای (COVID-19)، توێژینەوەیەکی ئەوتۆ دەربارەی دیاردەی واتەواتی ئەلیکترۆنی ئەنجام نەدراوە.
- گەورەترین ئاستەنگ لە میدیای ئەلیکترۆنی کوردیدا گرفتی ئەرشیفە، زۆرجار ئەو واتەواتانەی بڵاودەکرێنەوە، لەماوەیەکی کورتدا لادەبرێن یاخود دەستکاری دەکرێن.
- لەڕووی پراکتیکییەوە، ئاستەنگی لە دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی واتەوات لە میدیای ئەلیکترۆنیدا، چونکە هەندێکجار لە میدیای ئەلیکترۆنیدا هەواڵ و داتا و زانیارییەکان دەستکاری یاخود دەسڕدرێنەوە، پێویستی بەوە هەیە لە ساتەوەختی خۆیدا نمونەی واتەواتەکان تۆمار بکرێن.

**هەشتەم: چەمك و زاراوەکان:**

کۆمەڵێك چەمك بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناونیشان و ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، بە پێناسێکی کورتوپوخت لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

- هەرێمی کوردستان: ژمارەی دانیشتوانی (٥,٢٠٠,٠٠٠) کەسەو لە چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە پێکدێت. ڕووبەری نزیکەی چل هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ئەم ئامارە تەنیا پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆدەگرێت. (gov.krd, 2020)
- واتەوات: وروژاندنی بابەتێکی دیاریکراوە، لەنێوان چەند کەسێکدا دەگوێزرێتەوە بەبێ ئەوەی بەڵگەو سەلماندنێ بۆ ڕاستی و دروستی لەگەڵدا بێت. (الکاید، ٢٠٠٩م، ص ٢١)
- میدیای ئەلیکترۆنی: سەرجەم ئامرازەکانیتری پەیوەندی (رادیۆ، تەلەفزیۆن، تەلەفۆن و تۆڕە پەیوەندییەکان)ی لەخۆگرتووە، دەتوانێ زۆرترین داتا بۆ جەماوەر بە نرخێکی کەم و خێراترین ماوە بگوازێتەوە(Barbara Kaye& Medoff, 2016, P 2) .

- ئاسایشی کۆمەڵایەتی: واتا توانستی کۆمەڵگا بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی خۆی لەهەمبەر هەلومەرج و گۆڕانکاری و هەڕەشە راستەقینەکان (نویدنیا، ١٣٨٢، ص٨)
- کۆڤید-١٩(COVID-19) : ڤایرۆسێکی گوێزراوەیە، بەهۆی باڵندە و ئاژەڵەکانەوە لە ڕێگەی دەزگای هەناسەدانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ، لەنێوان مرۆڤیشدا بەشێوەیەکی گوازراوە پەرەدەستێنێ و بڵاودەبێتەوە و گیانی توشبوو دەخاتە مەترسییەوە(Ness,2020, P 2-3) .

**نۆیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

تائێستا چەندین توێژەر سەبارەت بەمەترسییەکانی (دیاردەی واتەوات) لە میدیادا، توێژینەوەی جۆراوجۆریان بە میتۆدە جیاوازەکان نووسیوە، بۆ نمونە :

- بەزمانی کوردی: توێژینەوەیەکی (بەهادین محەمەد عەبدولرەحمان) بەناونیشانی (واتەواتی سیاسی لە ڕۆژنامە وانی کوردیدا لە هەرێمی کوردستان)، نامەیەکی ماستەرە کە ساڵی (٢٠٠٩ز) پێشکەش بەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە. لەم لێکۆڵینەوەدا چەند سایتێکی ئەلیکترۆنی وەك (کوردستان پۆست، هاوڵاتی) بە نمونە وەرگرتووە، تیایدا کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان خستۆتەڕوو.
- بەزمانی عەرەبی: چەندین توێژینەوەی گرنگ دەربارەی واتەوات و میدیا ئەنجام دراوە، بۆ نمونە توێژینەوەی (هانی الکاید: الآشاعه المفاهیم و الآهداف و الآثار، عمان، دار الرایه، ٢٠٠٩ز) لە فەسڵی یەکەمدا، پێناس و جۆر و سەرچاوە و پاڵنەر و تایبەتمەندییەکانی واتەواتی خستۆتەڕوو. لە فەسڵی دووەمدا جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان واتەوات و ئایین کردۆتەوە کە زۆرجار وەك چەکێك بەکاردەهێنرێ بۆ ململانێکان.
- بەزمانی فارسی: کۆمەڵێك نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا و توێژینەوەی جۆراوجۆر دەربارەی واتەوات و کاریگەرییەکانی چاپوپەخش کراون، یەکێك لەو توێژینەوە تێروتەسەلانەش لەلایەن (غوڵامعەلی ئافەرۆز)ەوە بەناوی (روانشناسی شایعەو روشهای مقابله) نوسراوە، ساڵی (٢٠٠٦ز) بڵاوکراوەتەوە. تیایدا وێرای توێژینەوە لە واتەوات وەك ململانێیەکی سایکۆلۆژی، شێوازەکانی بەگژداچوونەوەشی خستۆتەروو کە گرنگترینیان ئامرازەکانی میدیایە.
- بەزمانی ئینگلیزی:

-Waddington, K. and Fletcher, C. (2005) «Gossip and emotion in nursing and health-care organizations». Journal of Health Organization and Management, vol 19.

- Kapferer. J.N. (1987): Rumors ‹Paris ‹Le Scuil.

## باسی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

**تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسی واتەوات، فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی:**

لەم باسەدا وەك دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوە و بنەما تیۆرییەکانی توێژینەوەکە، چەمکی واتەوات لە زانستی زمانەوانی و میدیادا شرۆڤە دەکەین، پاشان فاکتەرەکانی هاتنەئارای واتەوات و هۆکارەکانی پەرەسەندن و شێوازو قۆناغەکانی لە دیدیکی زانستییەوە دەخەینەڕوو.

**یەکەم: چەمکی واتەوات و پەیوەندی بە میدیاوە:**

**أ. چەمکی (واتەوات):**

چەمکی (واتەوات) لە زمانی کوردیدا، کۆمەڵێك دەستەواژەی بۆ بەکارهێنراوە کە هەرکامیان گوزارشتن لە شێوەزاری دەڤەرێکی کوردستان. ئەم دەستەواژەیە بەشێوازی فرەچەشن وشە و زاراوەی بۆ بەکارهێنراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین شرۆڤەی بکەین:

- لە ڕووی زمانەوانی:

زاراوەی (واتەوات) لە زمانی کوردیدا بەپێی دیالێکت و شێوەزارە جیاجیاکانی کوردستان، چەندین دەستەواژەیتری بۆ بەکاردەهێنرێت، وەك:"ووتووات، قاو، مقۆمقۆ، دەبدەبە، تەحا تەحا، بەندوباو، قاوەقاو، دەنگۆ". (قەرەداغی، ٢٠٠٦ز، لا ٨٤٧، ٢٥٩).

بەپێی بۆچوونێکیتر دەستەواژەکانی (دەمگۆ، بەندوگۆ)ش بەکاردەهێنرێت (کەریم، ٢٠٠٦، ص ٤٦٨).

بەبڕوای پسپۆڕی زمانی کوردی (ماجد مەردۆخ ڕۆحانی)، چەند دەستەواژەیەکیتر بەکاردەهێنرێت وەك:"دەنگۆ، واتۆ، بەنگ و باو، بەندوباو، وتە وت، قاو، ڕاوچاو، چڵچاو، لۆغەت، گۆتۆ". (روحانی، ١٣٨٦، ص ١٥١٠)

هەروەها لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا، ئەم دەستەواژانە بەکاردێت:"چرچر، گوتەگوت". (سەعدوڵڵا، ١٩٩٨، ل ٧٩٢)

لە زمانەکانیتریشدا لەهەمبەر دەستەواژەی (واتەوات)دا زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆنمونە لە زمانی عەرەبیدا چەمکی (إشاعه) (البعلبکی، ٢٠٠٤، ص ٨٠١)، زمانی فارسی (شائعه) (انوری، ١٣٩٠، ص ٤٤٣٣) و لە زمانی ئینگلیزیدا چەمکی (Rumour) بەکاردەهێنن (Osxford, 2003, P 1120).

بەپێی ئەم بۆچوونانە، زاراوەی (واتەوات) بەپێی زمانە زیندووەکانی جیهان و بەهۆی مەترسی و کاریگەرییەکان، دەستەواژەی جۆراوجۆر بۆ ناساندنی بەکاردەهێنرێت.

- لە ڕووی میدیاییەوە:

بواری میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم، بەپێی هەلومەرجی کات و شوێن، کاریگەری گرنگی لەسەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، هەر دیاردەیەکی کۆمەڵگا مرۆییەکان بەپۆزەتیف و نیگەتیڤەوە،

مامەڵەیەکی دوولایەنەی لەگەڵ میدیادا هەیە، لەم سۆنگەیەوە هەندێ دیاردە بە سۆسیۆمیدیایی ناودەبرێن کە باوترینیان (واتەوات)ە.

لە ڕوانگەی سۆسیۆمیدیاییەوە، (واتەوات) واتا: هەواڵێکە لەنێو گروپێکدا بڵاودەبێتەوە، بەگشتی بێ بنەما و نادروستە. (انوری، ۱۳۹۰، ص ٤٤٣٣).

هەردوو نوسەری بەناوبانگ (گۆردن ئەلپۆرت و لیو پۆستمان) لە پەرتوکە ناسراوەکەی خۆیاندا (سایکۆلۆژیای واتەوات)، پێیانوایە واتەوات واتا:"بوونی بابەتێکی گوماناوی کە ڕێوشوێنێکی نییە لەپێناو دڵنیابەخشی بۆ بەدواداچوون و پشتراستکردنەوە، بەگشتی بەشێوەی زارەکی لە کەسێك بۆ کەسانیتر دەگوێزرێتەوە". (ال پُورت و لئو پستمن، ۱۳۷٤، ص ۹).

**ب. پەیوەندی نێوان (واتەوات) و میدیای ئەلیکترۆنی:**

گەشەسەندنی خێرای میدیای ئەلیکترۆنی (بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە) وێڕای تایبەتمەندییەکانی بۆ بڕەودان بە مامەڵەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا و کارئاسانی بۆ ژیانی ڕۆژانەیان تا دەگاتە ئاسانکاری لە پرۆسەی دەستڕاگەیشتن بە هەواڵ و زانیاری گرنگ، هەندێکجار میدیای ئەلیکترۆنی بەشێوەی مەبەستدار یاخود بێ مەبەست لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و خاوەن میدیاکان، دیاردەی (واتەوات) کراوە بە چەکێکی مەترسیدار بۆ وروژاندنی جەماوەر.

مەبەست لە میدیای ئەلیکترۆنی واتا: ئەو ئامرازانەیە کە دامەزراوەکان و هاووڵاتیان لەپێناو خستنەڕووی پەیام و بیروبۆچوون و گواستنەوەی تێڕوانینەکانیان بەکاریدەهێنن، ئەم میدیایانەش ئەمڕۆ وێڕای چاپکراو و بیستراو و بینراو، شێوازە ئەلیکترۆنییەکانی وەك (سایتی ئینتەرنێتی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هاوشێوەکانیان) لەخۆدەگرێت. (اسدی، ۱۳۸۵، ص ۳۵).

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە بواری میدیای ئەلیکترۆنیدا، بۆتەمایەی بەهێزبوونی هەژموونی ئەو میدیا مۆدێرنە لە کۆمەڵگادا، لەو بارەیەوە پسپۆڕێکی بوارەکە لەو باوەڕەدایە: لەماوەی دوو دەیەی دوایی، بەشێوەیەکی خێرا ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنانی تۆڕ و ئامرازەکانی پەیوەندی بەرز بۆتەوە، پانتایی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی میدیای ئەلیکترۆنیش بەئاراستە و خزمەتگوزاری جۆراوجۆرەوە لە گەشەسەندندایە (Wang & others, 2016, P 120)

شارەزایەکیتر سەبارەت بەبایەخی میدیای ئەلیکترۆنی لەناو جەماوەردا پێی وایە: میدیا ئەلیکترۆنییەکان بریتین لەو سایتە جەماوەرییە ئەلیکترۆنییانەی کە هاوڵاتیان هەرچەندە لە ڕوانگەی کات و شوێنەوە جیاواز بن، بەئاسانی دەتوانن زانیارییەکانیان بۆ بخەنەڕوو و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بۆچوونیش لەگەڵ یەکتردا بکەن. (Koh & others, 2007, 70)

تایبەتمەندییەکانی ئەم میدیا نوێیە، بۆتەمایەی کۆکردنەوە و لەخۆگرتنی سەرجەم ئامرازەکانی پەیوەندی، بەو هۆیەوە کۆمەڵێك خەسڵەتی هەیە کە ئاڵوگۆڕی زانیاری و پرۆسەی بڵاوکردنەوەکەیە بەخێرایی و ڕێوشوێنێکی ئاسانتر بە بەراورد لەگەڵ مۆدیلەکانی پێشووی پەیوەندی، ئەمەش بۆتەمایەی زاڵبوون و هەژموونی ئەم میدیایە بەسەر تەواوی جیهاندا.

بەگشتی گرنگترین خەسڵەتەکانی بریتین لە:

١-فراوانی لە ڕووبەری بڵاوکردنەوە و خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵدا.
٢-نەرمی و ئاسانی بەکارهێنان.
٣-فراوانی ڕووبەری جوگرافی بۆ ڕووماڵی هەواڵ و زانیاری.
٤-کەمی بڕی تێچوون.
٥-کارلێك بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.
٦-توانای ناردن و وەرگرتنی نامە و پەیام و هەواڵ و زانیاری لەکات و شوێنی گونجاودا.
٧-بەجیهانیبوون یاخود گەردوونیبوون.
٨-توانای بەکاربردنی وێنەی فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی. (حەمەغەریب، ٢٠١٩، ص ٣٧٩-٣٨٠).

لەم ڕوانگەیەوە، بەهۆی تایبەتمەندییەکانی ئاسانکاری و خێرایی لە پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە میدیای ئەلیکترۆنی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا، هەندێکجار ئەو هەواڵ و داتایانەی بڵاودەکرێنەوە بەشێوەی مەبەستدار یاخود بێ مەبەست، بوونەتەمایەی هاتنەئارا و تەشەنەسەندنی دیاردەی واتەواتی ئەلیکترۆنی.

**دووەم: فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و قۆناغی پەرەسەندن و جۆرەکانی (واتەوات)ی میدیایی:**

سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەپێی ئەو هەلومەرجەی تیایدا دەژی، ئەگەری هاتنەئارای (واتەوات)ی تیادا چاوەڕوان دەکرێت. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە کە بە جۆرێك لە لادانی بۆچوون و ڕەفتاریش دادەنرێت، لەژێر کاریگەری سیستەمی بەڕێوەبردندایە، بەو مانایەی بوونی کۆمەڵێك پێوەری وەك ئاستی سەقامگیری سیاسی و ئابوری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا و ئاستی پەروەردە و تێگەیشتنی تاکەکەس، پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ دیاردەی (واتەوات) هەیە، واتا هەڵکشان و داکشانی ئەو ئاستانە دەبنەمایەی کەمبوونەوە یاخود زیادبوونی ڕێژەی (واتەوات).

بەپێی بۆچوونی پسپۆڕێکی بواری سایکۆمیدیا، ئەمڕۆ فاکتەرەکانی پەرەسەندنی واتەوات بریتین لە:

- گرنگی و بایەخ: ئەگەر بابەت و ناوەرۆکی واتەوات بۆ (وەرگر) گرنگ و ژیاریی بێت، بەخێرایی پەرەدەستێنێ بەتایبەت لە شوێنە گشتییەکاندا.
- ژینگەی کۆمەڵایەتی بەچەشنێك بێت کە هەواڵە ڕاست و فاکتەکان لە بازنەیەکی ئاڵۆز و تەمومژاوی بێت، بەمانایەکیتر کاتێك جەماوەر ڕاستییەك بزانێ ئەوا گوێ بە واتەوات نادات.
- نیگەرانی و دڵەڕاوکێ: کاتێك ڕێژەیەکی بەرچاوی چینوتوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا، بەهۆی فشاری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و نائارامی سیاسییەوە نیگەران و شێواو بێت، ئەوا زەمینەی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی واتەواتیش زیاتر دەبێت.
- ئاستی ئامادەباشی: هەمیشە برەوی واتەوات لەناو هاوڵاتیان و کۆمەڵە ساویلکە و خۆشباوەڕەکاندا دەبینرێت، واتا کەسانی سادە و خۆشباوەڕ کە هەستوسۆز بەسەر ئەقڵ و لۆژیکیاندا زاڵە، بە وەرگری ڕاستەقینەی واتەوات دادەنرێن. (دکتر غلامعلی، ١٣٧٦، ص ٢٢)

بەمانایەکیتر پێوەری بڵاوبوونەوەی واتەوات لە ڕێی میدیاکانەوە، بەپێی پێوەرەکەی هەردوو

پسپۆڕ (ئەلپۆرت و پۆستمان - Alport & postman) دەخەملێنرێت کە پێیانوایە هەردوو مەرجی (بایەخ)و (ئاڵۆزی)، کاریگەرییان لەسەر خێرایی لە بڵاوبوونەوەی واتەواتدا هەیە، ئەم هاوکێشەیەش بەم چەشنەیە:

$$R=I \times A$$

واتا: واتەوات (Rumer) یەکسانە بەلێکدانی (بایەخ و گرنگی) (Importance)و (ئاڵۆزی) (Ambiguity)، هەتا گرنگی و بایەخی زانیارییەك لەناو کۆمەڵگادا زۆر بێ و ناڕوونی و ئاڵۆزیشی زیاتر بێ، ئەوا واتەواتیش بەشێوەیەکی خێراتر پەرەدەستێنێ، ئەگەر زانیارییەك بایەخی هەبێ و ئاڵۆزیشی تێدا نەبێ کەواتە واتەوات نایەتەئارا، یاخود ئەگەر زانیارییەکە جێی بایەخ نەبێ، ئەوا واتەوات هەر دروست نابێ (البرت و پستمن، ١٩٤٧، ص ٤٥)

ئەم بۆچوونە هاوتەریبی تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکەمانە لەبارەی واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لە ماوەی پەرەسەندنی نەخۆشی کۆرۆنا (Covid-19)دا، چونکە بایەخی تەندروستی هاوڵاتیان و تەمومژی لە هۆکاری پەیدابوون و پەرەسەندنی نەخۆشییەکە، بوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی هاوڵاتیان لەبارەی توشبوون کە دەبێتەمایەی مەرگیش، جۆرە ئامادەباشییەکی لە کۆمەڵگادا خوڵقاند بۆ باوەڕکردن بەو واتەواتانەی لە میدیا ئەلیکترۆنییەکانەوە بڵاودەکرانەوە.

سەبارەت بەجۆرو شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی واتەواتیش، بەبۆچوونی (هانی الکاید) لە پەرتوکە تایبەتییەکەیدا کە دەربارەی (واتەوات)ە، گرنگترینیان بریتین لە:

- شێوازی گاڵتەجاڕی و کۆمیدی: بڵاوکردنەوەی واتەوات لە ڕێگەی نوکتە و گاڵتەوگەپ کە بەخێرایی لەنێوان هاوڵاتیاندا دەگوێزرێتەوە.
- شێوازی دووپاتکردنەوە: چەندین جار واتەوات بەشێوەی جۆراوجۆر دووپات دەکرێتەوە تا لای جەماوەر بە وێنای ڕاستی خۆی بنوێنێ.
- شێوازی ئایینی: مەترسیدارترین شێوازە کە لەڕێگەی کەسایەتی و بانگخوازانی ئایین و بەپشتبەستن بەخورافیات یا خراپ لێکدانەوەی دەقە ئایینیەکان و گێڕانەوەی چیرۆکی دینی، واتەوات بڵاودەکرێتەوە.
- شێوازی دروشمبازی: بڵاوکردنەوەی واتەواتە بەهۆی دروشم و وتەوە، هەندێکجاریش هەڵبەستنی لێدوانە بەناوی کەسایەتی و لایەنەکانەوە.
- شێوازی تاقیکردنەوە و ڕاپێوی: لەلایەن دامودەزگا و لایەن و سیاسەتمەدارانەوە بڵاودەکرێتەوە تا بزانن جەماوەر بۆچوون و کاردانەوەی لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو چۆنە.
- شێوازی خەیاڵی: پشت بە بەهێزی کەسێتی و لایەنەکان دەبەستێ، هەوڵ دەدات کەسایەتی پاڵەوان و خەیاڵی بۆ مرۆڤەکان دابتاشێ.
- شێوازی پەروەردەیی: هەندێکجار دامودەزگا فەرمیو نافەرمییەکان، سیستەمی پەروەردە بەچەشنێ دادەڕێژن کە مرۆڤ لە قۆناغی مناڵییەوە هەندێ واتەوات وەك ڕاستی لەلا جێگیر

ببێت[1]. (الكايد، ٢٠٠٩م، ص ٦٢-٦٥)

لەو ڕوانگەیەوە ئەو کەس و لایەنانەی لە میدیاکانەوە واتەوات بڵاودەکەنەوە، هەوڵ دەدەن بەپێی شرۆڤەی ئەقڵ و هەست و سۆزی کۆمەڵگایەك، کاریگەرترین شێواز بۆ واتەوات دەستنیشان بکەن، بۆ نمونە لە کۆمەڵگایەکی ئایینیدا پشت بەئەفسانە و خەیاڵپڵاوی دەبەستن، لەناو کەسانی ساویلکە و خۆشباوەڕ، بەدروشمبازی و بەڵێنی بێ بنەما واتەوات بڵاودەکەنەوە.

لەهەمانکاتدا قۆناغەکانی هاتنەئارای (واتەوات) بەپێی هەنگاو بە هەنگاوە، بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی (واتەوات) لە کۆمەڵگادا بە چەند قۆناغێکە و بریتین لە:

- بەرهەمهێنان یاخود واتەواتسازی: هەمیشە واتەوات و فەیکنیوز لە سەرچاوە و ژێدەرێکەوە بەرهەم دەهێنرێت، زۆرجار بەشێوەیەکی ئاراستەکراو و سەرتاپاگیر بڵاودەکرێتەوە، لەسەر ئاستی ماڵ و شار و تەنانەت وڵاتیش پەرەدەستێنێ، هەربۆیە زۆرجار دۆزینەوەی سەرچاوەی واتەوات بەکارێکی دژوار دادەنرێت.
- خوڵقاندنی هەستیاریی لەناو جەماوەردا:هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی واتەواتدا، هاوڵاتیانیش بەپێی تایبەتمەندێتی کەسێتی و سایکۆلۆژی و ئەزموونی ژیانی خۆیان، بەرامبەر واتەوات هەستەوەرن و حەز بە بەدواداچوون و وەرگرتنی واتەوات و گواستنەوەشی دەکەن.
- قۆناغی بڵاوکردنەوەو دووپاتکردنەوەی واتەوات: باوترین شێوازی پەرەسەندنی واتەواتێ یاخود فەیکنیوز، دووپاتکردنەوەیەتی. هەر واتەواتێکی مەبەستدار یا بێ مەبەست، بەهەر ئامانج و پاڵنەرێکەوە دووبارە ببێتەوە، ئەوا سنوری بڵاوبوونەوەی فراوانتر دەبێت. (پارسی زادە، ١٣٩٥، ص ١٣٢-١٣٣)




**شێوەی ژمارە (١): پرۆسە و قۆناغی فۆرمەڵەبوونی واتەوات**

---

(١) تەنها گرنگترین شێواز لێرەدا ئاماژەیان پێدراوە و توێژەر شرۆڤەی کردووە.

لەڕووی سەرهەڵدانی (واتەوات) لە کۆمەڵگایەدا، بیروبۆچوونی جیاواز بۆ پۆلێنەکەی هەیە، بە بڕوای (بایساو)ی کۆمەڵناسیی ڕووسی، (واتەوات) بەپێی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی لە کۆمەڵگادا، بەم چەشنە پۆلێن دەکرێت:

١-واتەواتی خشۆك: ئەم جۆرە واتەواتە، لەڕووی بڵاوبوونەوەیەوە هێدی و ئارام دێتەئارا، پتر بەشێوەی چپەچپ و نهێنییە.

٢-واتەواتی شەپۆلدار: لەم جۆرەدا، واتەوات بەپێی هەلومەرج دێتەئارا و پاشان بەرەو کەمبوونەوە و نەمان دەچێ، واتا شێوازی شەپۆلەکانی ژینگەیە.

٣-واتەواتی خێرا: ئەم چەشنە واتەواتە، لە ماوەیەکی کورتخایەندا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە، جەماوەریش لەبەر بایەخی بابەتەکە، کاردانەوەی توند دەنوێنن.

٤-واتەواتی ئەهریمەنی: جۆرە واتەواتێکە لەکاتی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی جەماوەردا بڵاودەبێتەوە، لەبەرئەوەی جەماوەر لە ساتی ترسولەرزدان، ئامادەباشن بۆ وەرگرتنی هەواڵی ناڕاست، پتر لە کاتی قەیرانەکاندا (جەنگ، برسێتی) لەسەر ئاستێکی فراوان بڵاودەبێتەوە.

٥-واتەواتی تۆقێنەر: ئەم واتەواتە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ترس و هەڕەشەوەیە، ئامانجەکەشی خوڵقاندنی ژینگەیەکی تۆقێنەرو نائارامە لەناو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگادا، بەگشتیش لە کاتی جەنگدا برەوی هەیە. (ستودە، ١٣٧٤، ص ٢١).

پوختەی باسی یەکەم کە ئاماژەدانە بە پێناسە جۆراوجۆرەکانی واتەوات و واتەواتی ئەلیکترۆنی، لە هەرێمی کوردستانیش وەك کۆمەڵگاکانیتری خۆرهەڵات، زۆربەی شێوازو جۆرەکانی واتەواتی تیادا بڵاوبۆتەوە، بەپێی هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیش کە چەندین قەیران و دۆخی ئاڵۆزی بەخۆوەبینیوە، هەمیشە ئەو دیاردەیە بەهۆی ئامرازە هەمەچەشنەکانی میدیاوە هاتۆتەئارا، کۆمەڵێك کاریگەریشی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان خوڵقاندووە کە لە باسی دووەمدا تاوتوێی دەکەین.

**تەوەری دووەم: کاریگەرییەکانی واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە ماوەی (Covid-19) لە هەرێمی کوردستان:**

هەستکردنی هاوڵاتیان بە ئاسایش و ئارامی لە کۆمەڵگادا، بە پێویستییەکی گرنگی خێزان و ژیانی تاکەکەس دادەنرێت، ئەم بنەمایە سەرەرای ئەوەی گرەنتی بەردەوامێتی ژیان بە مرۆڤایەتی دەبەخشێ، کاریگەریش لەسەر بوارەکانی ئەو کۆمەڵگایە دادەنێت، بەجۆرێك کە هەموو ڕەهەندەکانی پرۆسەی گەشەسەندنی بەخۆیەوە گرێداوە. هاتنەئارای تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە بواری پرۆسەی پەیوەندی، بۆتەمایەی بەهێزی هەژموونی میدیا کە دەتوانێ پێکهاتەی کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤەکانیش بەرەو ئارامی و ئاسودەیی یا مەترسی ببات.

لەم باسەدا، تاوتوێی دیاردەیەکی گرنگی واتەوات دەکەین کە پەیوەستە بە بواری تەندروستی هاوڵاتیان واتا نەخۆشی کۆرۆنا (COVID-19) لە میدیای ئەلیکترۆنیدا، مەبەستیش لێی نەخۆشییەکی گوازراوەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی پریشکی پژمە و لیك و دەرهاویشتەکانەوە لە کەسێکی

توشبووەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێکیتر و دەبێتەمایەی تووشبوونی بە ڤایرۆسەکە. (WHO, 2020)

لە سەردەمی پەرەسەندن و هەڕەشەکانی ئەو نەخۆشییەدا، جەماوەری کوردستان لە کەرەنتینە واتا لەناو قەدەغەی هاتوچۆدا ژیاون، ئەمەش ببووەمایەی دووركەوتنەوەی هاوڵاتیان لە ڕۆژنامەگەری کاغەز و تەنانەت سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیران، گرنگترین ئامڕازی چاودێری بارودۆخەکەش پشتبەستنی هاوڵاتیان بوو بەو هەواڵانەی لە میدیا ئەلیکترۆنییە فەرمییەکاندا بڵاودەکرانەوە.

بە بڕوای پسپۆڕی بواری میدیای ئەلیکترۆنی (وانگ - Wang): لە ماوەی ئەم دوو دەیەی دوایی، بەشێوەیەکی خێرا ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی بەرز بۆتەوە، پانتایی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێتیش بە ئاراستە و خزمەتگوزاری جۆراوجۆرەوە لە گەشەسەندندایە (Wang & others, 2016, P 120). لەم ڕوانگەیەوە تاوتوێی کاریگەرییەکانی دیاردەی (واتەوات) لەسەر ڕەهەندەکانی سەرەکییەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەویش بە پشتبەستن بە پۆڵێنە بەناوبانگەکەی (باری بوزان)، ئەو ڕەهەندانەش بریتین لە:

**١. ئاسایشی تاکەکەس (Individual Security):**

ئاماژەیە بۆ گرەنتی گیان و جەستەی هاوڵاتیان لەهەمبەر ئەو مەترسی و زیانە تەندروستییانەی لەمپەرن لەبەردەم ژیانیاندا. بە مانایەکیتر، هەر جۆرە هەڕەشەیەك بۆسەر گیان یاخود تەندروستی مرۆڤ هەبێت، ئەوا ئاسایشی ژیانیان لەناودەچێت. (نبوی و همکاران، ١٣٨٩، ص ٨٢).

بەپێی بۆچوونێکیتر، ئاسایشی گیانی واتا پارێزراوبوون لەهەر جۆرە دەستدرێژی یاخود ناچارکردنێکی زۆرەملێ کە ڕەزامەندی خودی کەسەکەی لەسەر نەبێ. هەروەها مرۆڤ هیچ جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیەك سەبارەت بە ماف و ئازادییە ڕەواکانی خۆی نەبێت، لەوەش نەترسێ کە ئەم ماف و ئازادییانەی بکەونە مەترسییەوە. هەروەها پارێزراو بێ لە: هەڕەشە، کوشتن، نەخۆشی، هەژاری و کارەساتی چاوەڕوان نەکراو، بەگشتیش هەر فاکتەرێ کە ئارامی مرۆڤەکە لەناوببات. (Wyn Jones, 1999, P 102-103)

لە ماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covid-19)، هەواڵی بڵاوبوونەوەی واتەواتی گیانلەدەستدانی هاوڵاتیان و کەسایەتییە ناسراوەکانیش ببووە دیاردەیەکی باو، ئەمەش گومانی لەلای جەماوەر لەبارەی زیندوویێتی یان گیانلەدەستدان خوڵقاندبوو، یەکێك لەو نموونانەش هەواڵی گیانلەدەستدانی (د.ئەحمەد ئیسماعیل عەبدولغەنی) پزیشکی پسپۆڕی چاو بوو، لەبەر ئەم واتەواتەش بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە ڕۆژی (١٤ی ئازاری ٢٠٢٠ز) لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەو واتەواتەی بەدرۆخستەوە[1].

جۆرێکیتری واتەوات لەسەر ئاسایشی تاکەکەس، بڵاوکردنەوەی واتەواتی توشبوونی خاوەن پلە و

[1] تەندروستی هەولێر: دۆخی تەندروستی پزیشکە توشبووەکەی کۆرۆنا جێگیرە (سایتی NRT):
http://nrttv.com/News.aspx?id=27458&MapID=1#.Xmy9BCybyZw.facebook

پۆستەکانە بە پەتای کۆرۆنا، هەندێکجار وێنەی ئەو پلەدارانە بە لۆگۆی سایتە ئەلیکترۆنییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، بەناچاری لە رێگەی روونکردنەوەوە ئەو واتەواتانە بەدرۆ خراونەتەوە[1].

هەندێکجار بڵاوکردنەوەی هەواڵی گوماناوی کوردانی پارچەکانیتری کوردستانیش وەك دیاردەیەکی واتەوات لەناو میدیا ئەلیکترۆنییەکاندا ببووەباو، ئەمەش هێندەیتر ئاسایشی تاکەکەسی خستبووە مەترسییەوە[2].

ئاسایشی تاکەکەس لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت ئەو کەسانەی کە پۆست و بەرپرسیارێتییان هەیە، هەمیشە لەبەردەم ئەگەری پەلاماردابوون لە رێگەی بڵاوکردنەوەی واتەواتی تووشبوونیان بە پەتای کۆرۆنا، ئەمەش باری سایکۆلۆژی وهاوڵاتیانی لە ماوەی پەتاکەدا نائارامتر کردبوو.

### ٢. ئاسایشی ئیتیك (Ehtic Security):

چەمك و دەستەواژەی (ئیتیك) لە زاراوەی یۆنانی (Ethikos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، بەمانای (دابونەریت و خو و رەوتاری زاڵ) لەناو کەسێتی یاخود کلتورێکدا دەوترێ. (Svensson & Wood, 2003, P 350).

لەهەمانکاتدا پرەنسیپەکانی ئاکارو مامەڵەش دەربارەی چۆنییەتی بوونیەتی تاکەکەس و شێوازی مامەڵەکەی دەوترێت کە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەك یان شوێنی ژیانیدا دەینوێنێ. (Gbadamosi, 2004, P 1145)

بەپێی پێناسێکیتر، بەمانای گرەنتیدان بەو پرەنسیپ و مۆدیلە ئاکاری و رەفتارانە دێت کە پەیوەندی و مامەڵەی نێوان مرۆڤەکان رێکدەخات (حسینی نثار و قاسمی، ١٣٩١، ص ٦)

هەندێکجار لە میدیا ئەلیکترۆنییەکانەوە، بە مانشێت هەندێ دیاردە و بابەتیان بەرجەستە کردووە کە لەبری هاندان بۆ دیسپلین و بەرهەمهێنانی سەرمەشقێکی جوان بۆ بواری تەندروستی، دیاردەی نیگەتیڤ بۆ شکاندنی هاوڵاتیانی ناوچەیەك زەق کراوەتەوە. بەمانایەکیتر ئەوە ئەرکی میدیا نییە لە کۆی چەندین خاڵی پەیوەندیدار بەئامۆژگاری و هاندان بۆ پەیرەویی لە رێنوێنییە تەندروستییەکان، تەنها یەك خاڵ یان دیاردەی نیگەتیڤ بکرێتە مانشێت و پێشێلی بێلایەنی بکرێت[3].

شێوازێکیتری زیانگەیاندنی بە ئیتیك و ئاکار لە رێی واتەواتەوە، بڵاوکردنەوەی زانیارییە دەربارەی ئەوەی کە لەماوەی (کەرەنتینە)دا هاوڵاتیان بە نهێنی سەردانی هەندێ شوێن دەکەن، بەبێ ئەوەی ناوی ئەو شوێنانە پشتڕاست بکاتەوە، پرسیارەکە لەوەدایە مادام هاوڵاتیان بەنهێنی

---

[1] رونکردنەوەیەك لەدەزگای میدیایی خەندان-ەوە (خەندان): https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89133&babet=1&relat=1024

[2] لە سنە گومان لە کەسێک دەکرێت کە تووشی کۆرۆنا بووبێت(سایتی رووداو): https://www.rudaw.net/sorani/health/090220207

[3] تەندروستی سلێمانی: بەشێک لە هاونیشتمانیان پابەندی رێنماییەکانمان نین (سایتی رووداو): https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1003202014

سەردانیان کردووە میدیاکارەکە چۆن زانیویەتی؟ بۆچی بەشێوازی بنکۆڵکاری ناوی ئەو شوێنانە ئاشکرا ناکەن کە بەنهێنی کراونەتەوە؟. گومان لە واتەواتبوونی ئەم بابەتانە لە کاری میدیایی، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەندێکجار ئەو بابەتانەی بەبێ ناوهێنانی ناو و شوێن و بەڵگەی ڕاستودروست بڵاودەکرێنەوە، پتر لە داتاشراو و هەڵبەستراو دەچن، ئەمەش هەر جۆرێکە لە واتەوات[١].

شێوازێکیتری واتەواتی پەیوەندیدار بە ئیتیك، ئاماژەدانە بە هاتوچۆی قاچاخ لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، ئەمەش جۆرە دنەدانێکیشی تێدابوو بۆ هاوڵاتیان تا زانیاری ئەوەیان دەستبکەوێ کە ڕێگای قاچاخ هەیە بۆ گەڕانەوەیان بەرەو هەرێمی کوردستان[٢].

لایەنێکی نیگەتیڤی میدیای ئەلیکترۆنی، هەوڵدان بوو بۆ کەمکردنەوەی بایەخی ئەو هەنگاوە زانستییانەی کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێنێکی پزیشکی لەپێناو ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆرۆنا)دا دەدرا. بەتایبەتی کە سەرچاوەی بۆچوون و زانیارییەکانی ئەو میدیا ئەلیکترۆنیانە کە دژ بەو هەنگاوە زانستییانە دەخرانەروو، نادیار و گوماناوی بوون، ئەمەش لەگەڵ ئیتیکی پیشەیی و ئاکار و ڕەفتاری کۆمەڵگادا ناتەبایە، بەبێ بوونی بەڵگەیەکی ڕاستەقینە، ئەو هەواڵ و بۆچوونانە دەچنە خانەی واتەواتەوە[٣].

بەهۆی نەبوونی میدیای نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەرفەتی بۆ میدیای ئەلیکترۆنی ڕەخساندووە کە بە هەردوو شێوازی پۆزەتیڤ و نیگەتیڤ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، لەم ڕوانگەیەوە لایەنێکی پۆزەتیڤی میدیای ئەلیکترۆنی بۆ بەگژداچوونەوەی واتەوات، بایەخدان بووە بەو بەیاننامە فەرمییانەی دامودەزگاکانی حکومەت سەبارەت بە واتەوات و پروپاگەندەکانی پەیوەندیدار بە پەتای (کۆرۆنا) بڵاویان کردۆتەوە[٤]. ئەمەش ئەرکێکی ئیتیکی پیشەییە و هەم لەرووی بایەخی کۆمەڵایەتیشەوە، بە ئاکارێکی سودبەخشی میدیا دادەنرێت.

وێڕای ئەو واتەواتانەی دەربارەی کەمتەرخەمی یاخود دەستکورتی دامودەزگاکانی حکومەت بڵاودەکرانەوە، بایەخدان بە هەڵوێستی ئەو سەرمایەدارە خێرخوازانەی کە سەرقاڵی خزمەتی بواری تەندروستی بوون، هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پتەوکردنی ئاسایشی ئیتیك لە هەرێمی کوردستان[٥].

---

[١] بەشێك لە ئارایشتکاران بە نهێنی سەردانی ماڵان دەکەن (سایتی ڕووداو):
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1103202019

[٢] قاچاخیکردن لە سنووری هەڵەبجە مەترسی بڵاوبوونەوەی زیاتری کۆرۆنای لێدەکرێت، (سایتی ڕووداو):
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/080320205

[٣] ژمارەیەك مامۆستای زانکۆ: توێژینەوەکانی زانکۆی سلێمانی لەبارەی کۆرۆناوە سیناریۆیە (سایتی NRT):
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=28774&MapID=1

[٤] وەزارەتی تەندروستی ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بەپروپاگەندەکانی تایبەت بەڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە (خەندان):
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89133&babet=1&relat=1024

[٥] ژمارەیەک سەرمایەداری سلێمانی گرووپێکی خێرخوازی دروستدەکەن، (سایتی ڕووداو):
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/130320201

**٣. ئاسایشی کۆمەڵایەتی (Social Security):**

ئاسایش و ئارامی کۆمەڵایەتی، بە پێویستییەکی گرنگی خێزان و ژیانی تاکەکەس دادەنرێت، ئەم بنەمایە سەرەرای ئەوەی گرەنتی بەردەوامێتی ژیان بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت، کاریگەری لەسەر بوارەکانی کۆمەڵگایە دادەنێ، بەجۆرێك کە هەموو ڕەهەندەکانی پرۆسەی گەشەسەندنیشی بەخۆیەوە گرێداوە.

(باری بوزان - Barry Buzan) بۆیەکەمینجار لە ساڵی (١٩٩١ز) چەمکی (ئاسایشی کۆمەڵایەتی) لە پەرتوکە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی (جەماوەر، دەوڵەتان وترس)[١] بەکارهێناوە، ئەم چەمکەش لە ڕوانگەی (بوزان)ەوە واتا "ڕزگاربوون لەهەر جۆرە هەرەشەیەك، لەهەمانکاتدا توانای دەوڵەتان و کۆمەڵگاکان بۆ پاراستنی ناسنامەی سەربەخۆیی ویەکپارچەیی لە بواری مەیدانیدا".( Buzan, 1998, 302)

(هانیفان - Hanifan) یەکەمین نوسەرە لە بواری مامەڵەی کۆمەڵایەتیدا، ڕێژە و مۆدیلی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەناو کۆمەڵگایەکدا بە(سەرمایەی کۆمەڵایەتی) ناوزەد کردووە. ناوبراو پێیوایە ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەش بریتییە لە ژیانی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان وەك: لەیەکترگەیشتن، هاوڕێیەتی و دۆستایەتی، هەستی هاوخەمی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکەس و خێزانەکان لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیدا. (بوردیو، ١٩٧٧، ص ٥٣)

لێدوان و قسەی گوماناوی بەبێ داتایەکی دیاریکراو دەربارەی توشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ترساندنی هاوڵاتیان هەبوو، ئەگەر لەڕووە پۆزەتیڤەکەیەوە بۆ سڵەمینەوە و خۆپارێزی هاوڵاتیان بووبێ، ئەوا لە ڕوانگەی زانستی میدیاوە هەرگیز کارێکی ئیتیکی و یاسایی نییە کە بەدەستەواژەی (گومان) کۆمەڵگا بترسێنرێ، بەتایبەتی ئەو لێدوانە لەلایەن بەرپرسێکی فەرمییەوە بێت[٢].

چەندینجاریش لەکاتی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ و واتەواتی (کۆرۆنا)دا، میدیا فەرمییە ئەلیکترۆنییەکان هەوڵیانداوە بە وەرگرتنی لێدوان لە لایەنە فەرمییەکان، ئەو جۆرە واتەواتانە بەدرۆ بخەنەوە، ئەمەش ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی بۆ بەگژداچوونەوەی دیاردەی واتەوات هەبووە[٣]. لەم ڕوانگەیەوە ئەو میدیا ئەلیکترۆنییانەی بە سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون، ڕۆڵی پۆزەتیڤیان گێراوە تا لەکاتی ڕوونکردنەوە و بەیاننامە تەندروستییەکان، ببنە زمانحاڵێك بۆ ئەو دامودەزگا فەرمییانە لە هەرێمی کوردستان[٤].

---

(1) People,states and fear.

(٢) د.سەباح هەورامی: گومان دەکەین سەدان کەس لەناو خەڵکدا هەڵگری ڤایرۆسەکە بن (سایتی خەندان):
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=91034&babet=3&relat=1024

(٣) تەندروستیی هەڵەبجە ڕەتی دەکاتەوە هیچ تووشبوویەکی کۆرۆنایان تۆمار کردبێت (سایتی رووداو):
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0903202013

(٤) وەزارەتی تەندروستی هەرێم: هیچ حاڵەتێکی توشبون بە کۆرۆنا لە هەرێم و عێراق تۆمارنەکراوە (سایتی خەندان)
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89077&babet=1&relat=1024

**٤-ئاسایشی سیاسی (Political Security):**

ئاسایشی سیاسی بەمانای دابینکردنی ئارامی و دڵنیاییە لەلایەن فەرمانڕەوای وڵاتەوە بۆ هاوڵاتیانی هەرێمەکەی، ئەویش لە ڕێگەی بەگژداچوونەوەی هەڕەشە جۆراوجۆرە دەرەکییەکانو دابینکردنی مافە سیاسییەکانیان لە پرۆسەی بەشداریی لە بەڕێوەبردنی وڵات بەئامانجی دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگا، پێویستە ئاسایش و ئامادەگی ئازادانە و یەکسان بۆ هاوڵاتیانیش فەراهەم بکرێت، واتا هیچ کەسێك بە زۆرەملێ بیروباوەڕی بەسەردا نەسەپێنرێ یا دەستگیر نەکرێت. (افتخاری، ١٣٨١، ص ٦٧)

خراپترین دیاردەی میدیای ئەلیکترۆنی لە ماوەی پەتای کۆرۆنا، هەندێ لەو وتار و هەواڵانە بوو کە سەبارەت بە پەیدابوون و پەرەسەندنی نەخۆشییەکە بڵاودەکرانەوە، هەوڵ دەدرا ئەم پەتاییە بکرێتە چەکێك بۆ لێدانی سیاسییانە لەیەکتر.

تەوەرەیەکی گرنگی ئاسایشی سیاسی، ململانێی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بوو کە لە ڕێی وروژاندنی نەخۆشی (کۆرۆنا)وە، هەوڵ دەدرا ڕەهەندێکی سیاسی بە گرفتێکی تەندروستی ببەخشرێت، بۆنمونە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێك سەبارەت بەو نەخۆشییە لە ڕۆژی (٤ی نیسانی ٢٠٢٠ز) لە کەناڵ و سایتی (NRT) کە سەربە (نەوەی نوێ)یە وەك حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن، لەلایەن وەزیری تەندروستییەوە کە لەسەر پشکی حیزبێکی ناودەسەڵات پۆستەکەی وەرگرتووە، داوای داخستنی کەناڵەکە کرا[١]. هەروەها بابەتی پەتای (کۆرۆنا) ببووە چەکێکی دژیو بەدەست لایەنە سیاسییەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی واتەوات لەپێناو شکاندنی شکۆ و دەسەڵاتی پارێزگای سلێمانی بەو تۆمەتەی کە لە بەڕێوەبردندا لە ئاستی پێویستدا نین[٢]. یاخود بڵاوکردنەوەی واتەوات لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە شاری هەولێرەوە ڤایرۆس بۆ عێراق دەهێنرێت، ئەمەش دەبێتەمایەی قوڵبوونەوەی ناکۆکی سیاسی لەنێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارانی عێراق[٣].

**٥-ئاسایشی ئابوری و دارایی (Fanance and Economic Security):**

بنەما سەرەکییەکانی ئەم جۆرە ئاسایشە لەپێناو ڕەخساندنی سیستەمێکە بۆ سەرجەم پێکهاتەو بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابوریی کۆمەڵگا، تا هاوڵاتیان هەست بەمەترسی لەهەمبەر کەمبوون یا نەبوونی پێداویستییە بنچینەییەکانی ژیانی خۆیان نەکەن. نمونەیەکی دیاری ئەم جۆرە ئاسایشە،

---

[١] بە پشتبەستن بە کتابی فەرمی وەزارەتی تەندروستی، ژمارە (٤٥٢٤)، لە (٦ی نیسانی ٢٠٢٠ز)، بە ئیمزای (د.سامان حسێن بەرزنجی)ی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

[٢] ئیدارەی پارێزگای سلێمانی هۆشداری لەقۆرخکاری و شاردنەوەی کەلوپەلی تەندروستی دەدات (خەندان):
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89233&babet=1&relat=1024

یاخود بنۆڕە: وەزارەتی تەندروستی دەنگۆیەك لەبارەی کۆرۆناوە ڕەت دەکاتەوە:
https://nrttv.com/News.aspx?id=25692&MapID=1

[٣] نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە (سایتی NRT):
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=27215&MapID=1

بریتییە لە بارودۆخی بازاڕ و بانکەکان کە لەسەر بنەمای دراو و مامەڵەیە، هەربۆیە دابینکردنی ئاسایش لەم ڕەهەندەوە، پەیوەستە بە کۆمەڵێك بنەمای گرنگی وەك: سەرمایەگوزاری، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، سوودوەرگرتن لە دەرفەت و ئیمتیازاتەکان بەشێوەیەکی یەکسان، بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ئابوری و دارایی، بنەبڕکردنی دیاردەی دزی و بەرتیل و هاوشێوەکانی کە دەبنەمایەی سەقامگیریی ئاسایشی ئابوری کۆمەڵگا (صالح امیری و افشار نادری، ١٣٨٩، ص ٦-٧).

لە ماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا) لە هەرێمی کوردستان کە بووەمایەی سنورداربوونی جموجۆڵی بازرگانی و کاروکاسبی هاوڵاتیان، بڵاوکردنەوەی هەندێ بۆچوون و داتا و زانیاری بەناوی هەواڵەوە بەبێ ناوهێنانی تەنانەت شوێنەکەش، ببوونەمایەی سڵەمینەوەی هاوڵاتیان لە کاروکاسبی یا کڕینی پێداویستییەکانیان، ئەمەش بە واتەواتێ دادەنرێ کە ئاسایشی ئابوری و دارایی دەخەنە مەترسییەوە[1].

هەروەها جۆرێکیتری بڵاوکردنەوەی واتەواتی ئابوری، ترساندنی هاوڵاتیانە لە کڕینی کاڵای چینی کە گوایا بازرگانانی کورد شتومەك لە شاری (وهان)ی چینەوە دەهێنن و چەقی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)یە[2].

نمونەیەکیتری بڕەودان بە واتەواتی ئابوری، قەیرانی دەمامك و دەستکێش و دەنگۆی گرانفرۆشییەتی، بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەوبارەیەوە ئەگەر بۆ مەبەستی چاوترساندنی فرۆشیارانی پێداویستی پزیشکیش بێ، دنەدانی هاوڵاتیانیشە تا لە ترسی نەمانی ئەو پێداویستییانە، لۆدێکی زۆر بۆ کڕینی دروست بکەن و لە ئەنجامدا نرخەکەی بەرز ببێتەوە[3].

**٦-ئاسایشی ژینگە (Enveromintal Security):**

دڵنیابوونی جەماوەر لەهەمبەر ئاسایش و ئارامی ئەو ژینگە و کەشوهەوایەی تیایدا دەژی، بنەمایەکی گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگا پێکدێنێ. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنەلۆژیادا، پاکوخاوێنی ژینگەش کەوتۆتە بەردەم مەترسی، بەمانایەکیتر ژینگە وەك یەکێك لە باسوخواسەکانی ئاسایش بۆتە مەسەلەیەکی هەستیار، کۆمەڵێك بابەتی وەك: پیسبوونی کەشوهەوا، کونبوونی بەرگی ئۆزۆن، دابارینی ئەسیدەکان، داخورانی خاك و بەبیابانبوون، لەناوچوونی جەنگەڵەکان تا پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی...بەبنەما گرنگەکانی ژینگە دادەنرێت. (ربیعی، ١٣٨٣، ص ١٤٧)

مەترسیدارترین واتەواتی پەیوەندیدار بە کۆرۆنا، لەساتی قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتی بۆ

---

[1] بەشێک لە چێشتخانە و نانەواخانەکانی هەرێمی کوردستان: ڕێنمایی خۆپارێزیمان پێنەگەیشتووە (سایتی ڕووداو):
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/040320207

[2] بازرگانەکانی هەرێم چۆن لە چینەوە شتومەك دەهێنن و چ مەترسییەکی هەیە؟، سایتی (NRT):
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=25777&MapID=3

[3] لەسەر نرخی دەمامك زانیاری گرنگ دەدرێتە هاوڵاتیان (خەندان):
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89158&babet=1&relat=1024

ماوەی (٤٨) کاتژمێر لە ماوەی ڕۆژانی (٤-٦ی نیسان) بوو، لەلایەن چەند پەیج و سایتێکەوە واتەواتی بڵاوبوونەوەی (گازی سارین) بڵاوکرایەوە کە ئەم گازە وێڕای ئەوەی خۆی بکوژە، زەمینەیە بۆ پەرەسەندنی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)، ئەمەش ترس ولەرزێکی زۆری بۆ پیسبوونی ژینگە دروست کرد. دواتر بۆ جەماوەر دەرکەوت کە ڕاستی و دروستی تێدا نییە[١].

کاریگەرییەکیتری میدیای ئەلیکترۆنی، بایەخدان بوو بەو واتەواتانەی سەبارەت بە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە بڵاودەکرانەوە، لەو ڕوانگەیەوە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤیان بۆ ڕەتکردنەوەی واتەواتەکان بینیوە[٢].

لەم توێژینەوەیەدا کە (٦) شەش ڕەهەندی سەرەکی ئاسایشی کۆمەڵگا بەپشتبەستن بە نمونەی هەواڵ و داتاکانی هەرسێ میدیای ئەلیکترۆنی (ڕووداو، خەندان، ئێن.ئار.تی) خستەڕوو، دەروازەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو کاریگەرییانەی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لە سەردەمی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-19) لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا خوڵقاندوویەتی. لێکەوتەکانی ئەم کۆمەڵگایەش بەپێی کەس و چینوتوێژ و شوێن و هەلومەرجی ژیان، دەشێ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد تیۆری) مۆدیلێك بۆ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ دیاردەی واتەوات لە میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا بخەینەڕوو، ئەم مۆدیلەش بەشێوەیەکی زانستی لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەدا بە وردی تاوتوێی دەکەین.

---

[١] تەندروستی هەرێم: دەنگۆی ڕشتنی گازی ڕاست نییە، سایتی (NRT):
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=28363&MapID=1

[٢] وەزیری شارەوانی دڵنیایی لەپاکی ئاوی خواردنەوە دەدات (خەندان):
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=90558&babet=1&relat=1024

## باسی سێیەم: پراکتیکی
## مۆدیلێکی پراکتیکی میدیایی
## بۆ پارێزگاری لە (ئاسایشی کۆمەڵگا) لە مەترسییەکانی واتەوات

**هەنگاوە پراکتیکییەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

توێژەر لەپێناو تاوتوێی تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکە، هەوڵیداوە پشت بە نوێترین میتۆدی زانستی ببەستێت بۆ شرۆڤەی ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردانەی کە بەهۆی میدیاوە لە کۆمەڵگادا دێنەئارا. ئەم توێژینەوە وەسفییەش، پشت بە میتۆدی (گراندد) دەبەستێ کە ڕێوشوێنێکی دروستە بۆ زەمینە و هۆکارەکانی هاتنەئارای بابەتی توێژینەوەکە، هەروەها هەوڵ دەدات چۆنییەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و گەلاڵەکردنی دەرەنجام و پێشنیازیش بخاتەڕوو.

**یەکەم: دەستنیشانکردنی میتۆد و هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوە:**

میتۆدی (گراندد - Grounded) میتۆدێکی شرۆڤەییە و پشت بە تاوتوێی بۆچوونەکانی پسپۆڕان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو دەبەستێت، لە کۆکردنەوەی بۆچوون و داتا و زانیاریی و ئەنالیزەکردن و دواتر ئۆرگانیزەکردنی داتا و بیروبۆچوونەکانەوە هەوڵ دەدات دیاردەیەك شرۆڤە بکات، پاشان مۆدیلێکی شیاو بۆ دیاردەکەش بخاتەڕوو. (Daenghuppa, Hemmington, and Wilkes, 2006, P 369)

پێوەری هەڵبژاردنی کەسایەتییەکانیش وەك سامپڵ بۆ چاوپێکەوتن، بەپشتبەستن بەو پێوەرانەیە کە پسپۆرانی ئەم میتۆدە دەستنیشانیان کردووە، ئەوانیش بریتین لە:

- کەسانێئاگادار یاخود پسپۆڕ بن سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە.
- خاوەنی بۆچوونی نوێ بن سەبارەت بە ڕێوشوێنی چارەسەر. (ایمان، ١٣٨٧، ص ٣٩)

لەم توێژینەوەیەشدا بەپێی ئەزموونی توێژەر، کۆمەڵێك کەسایەتی کە شارەزایی و کار و پسپۆڕی پیشەکەیان پەیوەندیدارە بە بابەتی توێژینەوەکەوە (بڕوانە خشتەی ژمارە-١)، دەستنیشان کراون بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا تا لە ناوەرۆکی بۆچوونەکانیاندا، بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد) بتوانین تاوتوێی دیاردەی واتەواتی ئەلیکترۆنی لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کرۆرۆنا) (COVID-19) بکەین، پاشان بەپشتبەستن بەو کۆدانەی لە چاوپێکەوتنەکانەوە دەستمان دەکەوێت، مۆدیلێکی شیاو بۆ مامەڵەی میدیای ئەلیکترۆنی لەگەڵ دیاردەی واتەوات بخەینەڕوو[1].

---

[1] سەرنج: بەوپێیەی کە سەرچاوەیەکی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا، دراوسێیەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ وڵاتی ئێران، لەو وڵاتەشدا ئەو ڤایرۆسە ببووەمایەی بڵاوبوونەوەی واتەواتی زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێویستمانزانی بۆچوونی دوو پسپۆڕی میدیای زانکۆی تارانیش بۆ ئەو مەبەستە وەربگرین.

**خشتەی ژمارە (١):**

**ناوی ئەکادیمیست و کەسایەتی و ڕۆژنامەنووسان کە دیداریان لەگەڵدا سازدراوە**

| ژ | ناو | پسپۆڕی | بڕوانامە | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د.پشدەر عەبدوڵڵا ئیسماعیل | پزیشك | ماجستێر | سلێمانی |
| 2 | د.ئومێد محەمەد ئەحمەد | پزیشك | دکتۆرا (بۆرد) | سلێمانی |
| 3 | د.سامان فەوزی | یاساکانی میدیا | دکتۆرا | سلێمانی |
| 4 | د.موجتەبا ئەمیری | میدیا | دکتۆرا | زانکۆی تاران |
| 5 | د.محەمەد تەسلیمی | میدیا | دکتۆرا | زانکۆی تاران |
| 6 | د.سومەییە لەباڤی | میدیا | دکتۆرا | زانکۆی تاران |
| 7 | م.بەهادین محەمەد عەبدولڕەحمان | میدیا (وانەوان) | ماجستێر | سلێمانی |
| 8 | تۆفیق عەلی | سکویریتی-عەقیدی ئاسایش | دیبلۆم | سلێمانی |
| 9 | کاروان ئەنوەر فەرەج | سەرۆکی لقی سلێمان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان | بەکالیۆرۆس | سلێمانی |
| 10 | بیلال محەمەد مەجید | میدیا (ل. سایتی کوردستان نیوز) | ماستەر | سلێمانی |
| 11 | بڕیار جەلال | میدیا (سەرنوسەری سایتی خەندان) | بەکالیۆرۆس | سلێمانی |

- ڕاستی (Validity): بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی دیدار و چاوپێکەوتنەکان لەڕووی ئەکادیمییەوە، بەشێوازێکی زانستیانە (دروستە ڕواڵەت) و (دروستە ناوخن) بۆ دیدارەکان ئەنجام دراوە.

لەپێناو (دروستە ڕواڵەت)ی چاوپێکەوتنەکان، ڕاوێژمان بەشێوەیەکی فەرمی لەگەڵ دوو ئەکادیمیستی بیانی وەرگرت تا شێوازی پرسیار و ناواخنی زانستی چاوپێکەوتنەکانیان پەسەند کرد[١].

بەمەبەستی (دروستە ناواخن)، دەقی سەرجەم چاوپێکەوتنەکان ڕۆنووس و بەراورد کراونەتەوە، سود لە بۆچوونی هەڤپەیڤوانەکان (Member Check) وەرگیرا بۆ پەسەندکردنیان.

-جێگیری (Reliability): تونژەر بابەتی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی بەشی پراکتیکی لەگەڵ دوو ئەکادیمیستی بیانی تاوتوێ کرد، دوای ڕاوێژ و گۆڕینی هەندێ پرسیار لەڕووی ناوەڕۆک و فۆرمەوە، تەوەرەکان دەستنیشان کران.

هەروەها هەوڵمان داوە کە وێڕای پرسیارە سەرەکییەکان، لەپێناو گەیشتن بە بیروبۆچوونی وردتر و گرنگتر، پرسیار لە ناوەڕۆکی وەڵامەکانیش هەڵێنجین و بەشێوازێکیتر لە هەڤپەیڤوانان بپرسینەوە.

١- ڕاوێژ لەگەڵ ئەم دوو پسپۆڕەدا کرا: (د.ڕۆشندڵ ئەربیتانی، د.محەمەد زەریفیان، د.مهدی سدقی) کە پسپۆڕییەکانیان میدیایە و لە زانکۆی تاران مامۆستا و وانەبێژن .

**دووەم: هەنگاوەکانی پرۆسەی کۆدگوزاری بەپێی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

ا- کۆدگوزاری کراوە یاخود واڵا (Open Coding):

کۆدگوزاری کراوە یاخود واڵا، یەکەمین هەنگاوە لە میتۆدی (گراوند تیۆری) کە بۆ فۆرمەڵەکردنی بۆچوونەکان ئەنجام دەدرێت. لەم هەنگاوەدا، دواى سەرنجدانێکی ورد لە بۆچوونەکان، بە پشتبەستن بە ڕوانگەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە پۆلێن دەکرێت، لە هەنگاوی دووەمدا فۆرمەڵەی بۆچوونە هاوشێوەکان دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی پۆلێنبەندی ئەو بۆچوون و داتایانە.

لەم توێژینەوەیەشدا، سەرەتا سەرجەم چاوپێکەوتنەکان کە لەگەڵ پسپۆڕان و کەسانی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە ئەنجام دراوە، ڕەنووس کراون. پاشان بۆچوونەکانمان پۆلێن کرد کە بە کۆد ناویان دەبەین، لەم پرۆسەیەدا (١٢٨) کۆدمان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ (١١) پەیڤەدەردا دەستخستووە، لە خشتەی ژمارە (٢)دا بە نمونەیەك لە پوختەکراوی یەکێك لەو چاوپێکەوتنانەمان خستۆتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٢):**

**سامپڵێك لە (کۆدگوزاری کراوە) بۆ چاوپێکەوتنێك**

| ژ | سامپڵێك لە کۆدگوزاری کراوە بۆ چاوپێکەوتنێك بەپێی میتۆدی (گراندد تیۆری ) |
|---|---|
| 1 | میدیای ئەلیکترۆنی بەئاسانی واتەواتی تیادا بڵاودەکرێتەوە |
| 2 | پشتبەستن بە سەرچاوەی گوماناوی، سەرچاوەی واتەواتیشە |
| 3 | بڵاوکردنەوەی هەندێ واتەوات بە ئانقەستە. |
| 4 | هەوڵدان بۆ خێرایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا، ئەگەری واتەواتیش زیاتر کرد. |
| 5 | نەبوونی سانسۆر، گرفتی بۆ ڕاستگۆیی و متمانەی میدیای ئەلیکترۆنی خوڵقاندووە. |
| 6 | واتەوات هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی. |
| ٧ | سایکۆلۆژیای هاوڵاتیان لەژێر کاریگەری میدیا ئەلیکترۆنییەکاندایە. |
| 8 | هەواڵەکانی تایبەت بە پەتای (COVID-19)زۆرترین وەرگری هەبووە. |
| 9 | لە ماوەی کەرەنتینەدا، میدیای ئەلیکترۆنی باشترین سەرچاوەی هەواڵ بووە. |
| 10 | ئاستی بەرپرسیارێتی لە میدیایەکەوە بۆ میدیایەکیتر جیاوازە |
| 11 | پڕوپاگەندە و ناڕاستی ئاوێتەی هەواڵەکانی پەتای (COVID-19)کراوە. |
| 12 | مەترسییەکانی پەتای (COVID-19)، کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی بازاڕ هەبووە. |
| 13 | جۆرەها نەخۆشی دەروونی بەهۆی ترس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتۆتەئارا. |
| 14 | میدیای ئەلیکترۆنی سەرچاوەیەکی باشی ئامۆژگارییە تەندروستییەکان بوو . |
| 15 | مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کاریگەری لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری کۆمەڵگا هەبوو . |
| 16 | هاوڵاتیان بەهۆی هۆشدارییەکانی میدیاوە، بایەخی زیاتریان بە بواری تەندروستی دەدا. |
| 17 | ڕەوشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا لەژێر کۆنترۆڵی میدیادا بوو. |
| 18 | جەماوەر پتر لە سیاسەت، گوێگری هەواڵە تەندروستییەکان بوون. |

***كۆدگوزاری سەرەکی (Axial coding)**

لەم قۆناغەدا کە بە کۆدگوزاری تەوەرەیی یاخود سەرەکی ناودەبرێت، سەرجەم ئەو بۆچوونانەی لە قۆناغی پێشوودا پۆلێن کران، پوختەتر دەکرێنەوە و پاشان بە ئامانجی دروستکردنی رایەڵەیەکی پەیوەندی لەنێوانیاندا و وابەستەکردنیان بە تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکەوە ئۆرگانیزە دەکرێن.

لەم قۆناغەدا پێداچوونەوە بەسەرجەم کۆدەکانی قۆناغی کۆدگوزاری کراوەدا، ئەو کۆد و بۆچوونانەی لەیەکتر نزیکبوون ئاوێتەکران، دواتر کۆمەڵێك کۆدی سەرەکیمان دەستکەوت لەپێناو بەرهەمهێنانی مۆدیلێکی شیاو بۆ میدیای ئەلیکترۆنی تا لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ دیاردەی واتەواتدا بکات. (بڕوانە هێڵکاری ژمارە - ١)

***کۆدگوزاری بژاردە (Selective coding)**

لە دواهەنگاوی میتۆدی (گراندد تیۆری)دا، سەرجەم کۆدەکان بەشێوەیەکی کۆتایی بژاردەمان کرد و بەسەر (٦) تەوەرەی سەرەکیدا پۆلێن کران، ئەم قۆناغەش پێی دەوترێ بەرهەمهێنانی مۆدیلێکی شیاو بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی بابەتی توێژینەوەکە (واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی) لە سەردەمی نەخۆشی (کۆرۆنا)دا لەسەر کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان خولقاندوویەتی. ئەو تەوەرە سەرەکییانەش بریتین لە:

**١- مەسەلەی سەرەکی (Subject):**

**کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا**

بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە پەیوەندیدارە بە رەهەندەکانی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا کە لە کاتی قەیرانەکاندا دەکەونە ژێر کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی کوردی.

بەگشتی ئەو رەهەندانەی ئاسایشی کۆمەڵگا بریتین لە (ئاسایشی تاك، ئیتیك و رەفتار و مامەڵە، رەوشی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابوری و دارایی و بژێوی هاولاتیان، ژینگە و کەشوهەوا). بەپێی شرۆڤەی کۆدی چاوپێکەوتنەکان، هەرکام لەو بوارانەی ئاسایش لە ماوەی کەرەنتینە و قەدەغەی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان، رووبەرووی واتەواتی مەترسیدار بوونەتەوە کە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی ببوونە ئامرازێ بۆ گواستنەوە و برەودان بەو واتەواتانە. ئەمەش پێویستی بە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست هەیە تا لەساتی سەرهەڵدانێکی هەر قەیرانێکی هاوشێوەدا، میدیا ئەلیکترۆنییەکان ناچار بن لەرووی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن.

**٢- پەیوەندیی هۆکاری (Casual Conditions):**

**مەترسییەکانی واتەواتی میدیایی و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا**

پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان واتەوات و ئاسایشی کۆمەڵگادا هەیە، تا رێژە و کاریگەرییەکانی واتەوات بەتایبەتی لە میدیا ئەلیکترۆنییەکانەوە (کە ئێستا دەگاتە هەموو ماڵێك) زیاتر بێت، ئەوا ئاستی مەترسییەکانی لەبەریەکترازان و ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لەناو کۆمەڵگادا

زیاتر دەبێت.

بەپێی شرۆڤەی کۆدەکانی چاوپێکەوتنەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە، میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لە ماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)دا، هەندێکجار ئامۆژگاری و هۆشداریی تەندروستییان بڵاوکردۆتەوە بۆ ڕێنوێنی هاوڵاتیان، واتا سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و داتا بوون بۆ هاوڵاتیان لەماوەی قەدەغەی هاتوچۆدا، لەهەمانکاتدا ململانێی میدیا ئەلیکترۆنییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێنەرانیان، بۆتەمایەی بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵ و زانیاری کە دەچنە چوارچێوەی واتەوات، بەزیادبوونی واتەواتیش پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا کەوتبووە مەترسییەوە.

**٣- فاکتەری زاڵ (Intervening Conditions): نائارامی کۆمەڵگا، خراپ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی، هۆشیاریی هاوڵاتیان، قەیرانی تەندروستی**

هاتنەئارای شەپۆلێکی مەترسیداری پەتای (COVID-19) لە هەرێمی کوردستان، نیگەرانییەکی زۆری لەناو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان خوڵقاند، حکومەتی هەرێمیش وەك وڵاتانیتر تەنها دەرفەتێکی لەبەردەمدا بوو لەهەمبەر ئەو ڤایرۆسە ئەویش گرتنەبەری سیاسەتی خۆپارێزی بوو.

کۆمەڵێك فاکتەری زاڵ پەیوەندی راستەوخۆیان بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەوە هەیە، هەروەك لە چاوپێکەوتنەکاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە، ئەویش دروستبوونی ڕەوشێکی نائارام و پڕ لە نیگەرانییە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی مەترسییەکانی توشبوون بە پەتای (COVID-19). خراپ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی لە مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردە پڕمەترسییە، بووەمایەی توندتربوونی قەیران تەندروستی، ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانیش زەمینەی بۆ پەرەسەندنی دیاردەی واتەوات ڕەخساند.

لە دووتوێی کۆدی چاوپێکەوتنەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە، وێڕای پێداگری لەسەر کۆنترۆڵی میدیای ئەلیکترۆنی لەکاتی قەیراندا، جەختیش لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا کراوەتەوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری و لێکەوتەکانی واتەواتی ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا.

**٤- ستراتیژ (strategic): پراکتیزەکردنی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا**

لە بواری میدیادا، کۆمەڵێك تیۆر هەن کە دەشێ ببنە ستراتیژ بۆ ڕێکخستنی مامەڵەی میدیاکان لەکاتی ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، باشترین تیۆر بەپشتبەستن بە کۆدی چاوپێکەوتنەکان بۆ میدیاکانی کوردستان، بریتییە لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی.

ئەم تیۆرە وێڕای دابینکردن و گرەنتیدان بە ئازادی بیروڕا و کاری میدیایی، کۆمەڵێك پرەنسیپی لەخۆگرتووە تا میدیاکان لەکاتی هەر مەترسییەك بۆسەر کۆمەڵگا، وەك بەشێك لە چارەسەر و ڕێنوێنی هاوڵاتیان کار بکات نەك قەیرانەکان خەستتر بکاتەوە. پێویستیشە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بۆ میدیاکان لە هەرێمی کوردستان، تەنها ئەرکێکی ئیتیکی نەبێت، بۆ گرەنتیدان بە پراکتیزەکردنی دەبێ لە چوارچێوەی یاساکانی میدیادا بچەسپێ و لایەنە فەرمییەکان بەو هۆیەوە

كۆنترۆڵی میدیای ئەلیكترۆنی بكەن لەكاتی ئەنجامدانی هەر تاوانێكی بڵاوكردنەوە كە مەترسیدارترینیان دیاردەی واتەواتە. باشترین پاساویش بۆ چەسپاندنی ئەم تیۆرە، ڕۆڵی نیگەتیڤی چەندین سایت و پەیجی ئەلیكترۆنی بوو كە واتەواتیان لە ماوەی پەرەسەندنی پەتای (COVID-19)دا بڵاودەكردەوە.

**٥- هەلومەرج یاخود ژینگە (situation): لاوازی سیستەمی پاداشت و سزای میدیایی**

فەراهەمكردنی ئازادی ڕادەربڕین بۆ میدیا لە هەرێمی كوردستان، كاریگەری ڕاستەوخۆی لە زیادبوونی ڕێژەی دامودەزگاكانی میدیا هەبووە، بەڵام لەڕووی كوالیتییەوە بەهۆی نەبوونی دەزگایەكی كارای بەدواداچوون بۆ گرفتە میدیاییەكان، واتا لاوازی لە سیستەمی پاداشت و سزا، كاریگەری نیگەتیڤی هەبووە لەسەر شێواوی ژینگەی میدیای ئەلیكترۆنی. لە قۆناغی خۆپارێزی و ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای (COVID-19)دا، میدیای ئەلیكترۆنی لە كوردستان ڕێنوێنییە فەرمی و پزیشكییەكانی بڵاودەكردەوە، لەهەمانكاتدا زەمینەیەكی زۆری بۆ واتەواتی ئەلیكترۆنیش خوڵقاند، بەبێ ئەوەی لێپرسینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو واتەواتانە و سزادانی سەرچاوەكانی بكرێت.

بەپێی كۆدی چاوپێكەوتنەكانیش، چەندینجار ئاماژە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ سزادانی سەرچاوەكانی واتەوات و پاداشتی فەرمی بۆ ئەو میدیا ئەلیكترۆنیانەش كراوە كە هەوڵیان داوە هاوتەریبی بەرژەوەندی نیشتیمانی، سیاسەتی بەگژداچوونەوەی مەترسییەكانی ڤایرۆسی (COVID-19) بگرنەبەر.

**٦- دەرەنجام (Consequences): كۆنترۆڵی میدیای ئەلیكترۆنی و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگا**

بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد) كە ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەیە، (دەرەنجام) هەڵقوڵاوی كۆی ئەو فاكتەرانەی پێشووە كە ئاماژەمان پێداوە، تیایدا هۆكاری گیروگرفتی توێژینەوەكە و پێشنیاز بۆ چارەسەریشی لەخۆگرتووە.

بەپێی كۆدەكانی چاوپێكەوتنەكان و شرۆڤەی ئەو فاكتەرانەی پێشوو، دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئەركی سەرشانی پارلەمان و دەسەڵاتی دادوەریە كە بەپشتبەستن بە یاسا و بەڕێزگرتن لە سنورەكانی ئازادی ڕادەربڕین، كۆنترۆڵی میدیای ئەلیكترۆنی هەروەك میدیای چاپكراو بكەن، واتا لەكاتی ئەنجامدانی تاوانێكی وەك بڵاوكردنەوەی واتەواتی مەترسیدار، هەوڵی دۆزینەوەی بكەر و سەرچاوەكەی بدرێت و ڕووبەڕووی دادگا بكرێتەوە.

لەهەمانكاتدا ئەركی سەرشانی حكومەتە لەڕێگەی بەرزكردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان لە دابینكردنی پێداویستییە ماددییەكانەوە بگرە تا پێداویستییە مەعنەوییەكانی وەك دیموكراسی و ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاستگۆیی لە خستنەڕووی داتا و زانیارییەكان بۆ كۆمەڵگا، هەنگاوی گرنگ بۆ بنەبڕكردن و كەمكردنەوەی دیاردەی واتەوات بنێن.




هێڵکاری ژمارە (١): بەرهەمهێنانی مۆدیلێك بەپشتبەستن بە میتۆدی (گراندد)، دەربارەی کاریگەری و مەترسییەکانی واتەواتی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، خستنەڕووی ستراتیژێکیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردەیە و دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی.

## ئەنجامەکان

**- لەسەر ئاستی کۆمەڵگا:**

١-قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینەکردنی هاوڵاتیان، هۆکاری بایەخدانی زیاتری جەماوەر بووە بە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی و دواتر ئاڵودەبوون بە دیاردەی واتەوات.

٢-قەیرانە ئابورییەکانی وەك دواکەوتنی موچە و بێکاری و کەمبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریی تەندروستی، ڕۆڵیان لە ئاڵودەبوون بە میدیای ئەلیکترۆنی و گواستنەوەی واتەوات لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە.

٣-نزمی ئاستی هۆشیاری و بەرپرسیارێتی دوو فاکتەری گرنگ بوون بۆ بڵاوبوونەوەی واتەواتی تەندروستی لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان.

٤-واتەوات کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر سایکۆلۆژیای تاکەکەس و قەیرانی متمانە بە ژیانیان لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە.

٥-هەندێ لە هاوڵاتیانیش بەشداربوون لە بڕەودان بەو واتەواتانەی لە میدیای ئەلیکترۆنییەوە بڵاوکراونەتەوە.

**- لەسەر ئاستی میدیاکان:**

١-میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، وێڕای هۆشداریی و ڕێنماییەکانی، سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی واتەواتی تەندروستی پەیوەندیدار بە پەتای (COVID-19) بووە.

٢-بایەخدانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی بە هەواڵ و بابەتی وروژێنەری تەندروستی لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی وەرگر، کوالیتی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پەتای (COVID-19) کەمتر کردووە.

٣-نادیاری سەرچاوەی زانیاری و ناسنامەی هەندێ سایت و پەیجەکانیان، دوو خەسڵەتی گرنگی میدیای پەخشکاری واتەواتن.

٤-قەیرانی بەرپرسیارێتی یاسایی و ئیتیکی لەناو هەندێك لە میدیا ئەلیکترۆنییەکان و میدیاکارانیان، بۆتەمایەی پەرەسەندنی واتەوات.

**- لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکان:**

١-کەمتەرخەمی دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێپێچینەوە لە میدیای ئەلیکترۆنی، پتر زەمینەی بۆ واتەواتی پەتای (COVID-19)خۆش کردووە.

٢- لاوازی میدیای نیشتیمانی و حکومی بۆ تێرکردنی جەماوەر لەڕووی زانیاریی تەندروستی و هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە پەتای (COVID-19)، هۆکاری پەنابردنی جەماوەرن بۆ میدیای بێ ناسنامە و واتەوات.

٣- سودوەرگرتنی نیگەتیڤانەی هەندێ میدیا و میدیاکار لە ئازادی ڕادەربڕین.

٤-کەمتەرخەمی کۆمپانیاکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت لە سزادانی تاوانبارانی ئەلیکترۆنی، دەرفەتی بۆ واتەوات زیاتر کردووە.

٥-نەبوونی سانسۆری ئەلیکترۆنی بەپێی یاسا لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆتەمایەی دەربازبوونی واتەواتکارەکان لە سزای یاسایی.

## راسپاردەکان

**١-بۆ دامەزراوەکانی میدیا:**

- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی یاسایی و ئیتیکی رۆژنامەنووسان.
- پشتبەستن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ زانیاری و وێنە و بابەت.
- خۆپارێزی لە سەرچاوەی بێ متمانە و نادیار.
- پابەندێتی بە مافی وەڵامدانەوە و راستکردنەوە.
- پابەندبوون بە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەکاتی قەیرانەکاندا.
- هەوڵدانی میدیاکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان لەپێناو دوورکەوتنەوە لە خۆشباوەڕی.
- بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی لەلایەن میدیاکان بۆ هاوڵاتیان تا خۆبپارێزن لەو سزاییانەی کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی واتەواتەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.
- هاندانی هاوڵاتیان بۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنە بەرپرسەکان لەساتی هەر واتەواتێکی مەترسیدار.
- بایەخدانی میدیای ئەلیکترۆنی بە سیستەمی پەروەردەیی هاوڵاتیان.
- سەرنوسەری میدیا ئەلیکترۆنییەکان ئەرکی سەرشانیانە ئەو بابەت و وێنانە سانسۆر بکەن کە زیان بە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەگەیەنن.

**٢- بۆ دامەزراوە یاسایی و فەرمییەکانی حکومەت و پارلەمانی هەرێمی کوردستان:**

- دامەزراندنی دەستەی چاودێری و سانسۆری میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، بەمەرجێ بۆ دۆزینەوە و سزادانی تاوانبارانی ئەلیکترۆنی بێت بەبێ بەرتەسککردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین.
- ئەکتیڤکردنی بڕگە و ماددەکانی یاساکانی پەیوەندیدار بە میدیا لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پابەندبوون بە پرەنسیپی وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە لەکاتی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و واتەوات.
- ڕاستگۆیی حکومەت لە خستنەڕووی داتا و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە دیاردە مەترسیدارەکانی وەك ئاماری توشبووانی پەتای (COVID-19).
- چالاککردنی داواکاری گشتی و دامودەزگا یاساییەکان (بەتایبەت ئاسایش و پۆلیس) بۆ بەدواداچوون بۆ سەرچاوەکانی واتەواتی میدیا ئەلیکترۆنییەکان، بەمەبەستی پشتراستکردنەوە یاخود لێپرسینەوە.
- ئەکتیڤکردنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ چاودێریی میدیای ئەلیکترۆنی.
- گەڵاڵەکردنی یاسای تایبەت بە میدیای ئەلیکترۆنی لە پارلەمانی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی

پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و سزادانی پێشێلکارانی یاسا.

- دامەزراندنی میدیایەکی نیشتیمانی و بەرپرسیار لە هەرێمی کوردستان.
- هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئارامی و خۆشگوزەرانی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی واتەواتدا هەیە.
- ناچارکردنی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت بۆ خستنەڕووی ناسنامەی میدیاکان و سەرچاوەکانی هەواڵ (لەکاتی تاواندا) بۆ دامودەزگا یاساییەکانی حکومەت.
- زانکۆ و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە، توێژینەوەی تیۆری و پراکتیکی دەربارەی دیاردە و لێکەوتەکانی واتەوات و چۆنییەتی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکەن.
- هاریکاریی بەردەوامی دامودەزگا نافەرمییەکان لەگەڵ حکومەت لە بواری پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، تا ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان پارێزراو بێت.
- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پاداشت و دنەدان و سزا و لێپرسینەوە لە میدیاکان.

## لیستی سەرچاوەکان:


***سەرچاوە کوردییەکان:**

- رزگار کەریم: فەرهەنگی دەریا (عەرەبی-کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

-رەشید قەرەداغی: "فەرهەنگی ئازادی (کوردی-ئینگلیزی)"، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٦.

-سەلاح سەعدوڵلا: "فەرهەنگی سەلاحەدین (ئینگلیزی-کوردی)"، چاپی یەکەم ١٩٩٨.

-سادق حەمەغەریب (دکتۆر): پشتبەستنی قوتابیانی زانکۆ بە میدیای نوێ لە کاتی قەیرانە سیاسییەکاندا، مجله الفنون و الآدب و علوم الانسانيات و الاجتماع، الامارات العربيه المتحده، العدد (٣٨)، أيار (٢٠١٩م).

***سەرچاوە عەرەبییەکان:**

-البعلبكي، منير: المورد (قاموس انكليزي-عربي)، دارالعلم للملايين-بيروت، ٢٠٠٤.

-الكايد، هانى: الآشاعة (المفاهيم و الآهداف و الآثار)، عمان، دار الراية، ٢٠٠٩.

***سایتە ئەلیکترۆنییەکان**

١- سایتی NRT:

- تەندروستی هەولێر: دۆخی تەندروستی پزیشکە توشبووەکەی کۆرۆنا جێگیرە:
http://nrttv.com/News.aspx?id=27458&MapID=1#.Xmy9BCybyZw.facebook

-ژمارەیەك مامۆستای زانكۆ: توێژینەوەكانی زانكۆی سلێمانی لەبارەی كۆرۆناوە سیناریۆیە:
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=28774&MapID=1

-وەزارەتی تەندروستی دەنگۆیەك لەبارەی كۆرۆناوە رەت دەكاتەوە:
https://nrttv.com/News.aspx?id=25692&MapID=1

- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێر رِوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە:
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=27215&MapID=1

-بازرگانەكانی هەرێم چۆن لە چینەوە شتومەك دەهێنن و چ مەترسییەكی هەیە:
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=25777&MapID=3

-تەندروستی هەرێم: دەنگۆی رشتنی گازی راست نییە:
https://www.nrttv.com/News.aspx?id=28363&MapID=1

٢-سایتی رووداو:

- لە سنە گومان لە کەسێک دەکرێت کە تووشی کۆرۆنا بووبێت:
https://www.rudaw.net/sorani/health/090220207

- تەندروستی سلێمانی: بەشێک لە هاونیشتمانیان پابەندی رێنماییەکانمان نین:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1003202014

- بەشێک لە ئارایشتکاران بە نهێنی سەردانی ماڵان دەکەن:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1103202019

- قاچاخیکردن لە سنووری هەڵەبجە مەترسی بڵاوبوونەوەی زیاتری کۆرۆنای لێدەکرێت:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/080320205

- ژمارەیەک سەرمایەداری سلێمانی گرووپێکی خێرخوازی دروستدەکەن:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/130320201

- بەشێک لە چێشتخانە و نانەواخانەکانی هەرێمی کوردستان: رێنمایی خۆپارێزیمان پێنەگەیشتووە:

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/040320207
- تەندروستیی هەڵبجە رەتی دەکاتەوە هیچ تووشبوویەکی کۆرۆنایان تۆمار کردبێت:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0903202013
٣- سایتی خەندان:
- وەزارەتی تەندروستی راگەیەندراوێکی سەبارەت بەپروپاگەندەکانی تایبەت بەڤایرۆسی کۆرۆنا بلاوکردەوە:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89133&babet=1&relat=1024
- د.سەباح هەورامی: گومان دەکەین سەدان کەس لەناو خەڵکدا هەڵگری ڤایرۆسەکە بن (سایتی خەندان):
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=91034&babet=3&relat=1024
-رونکردنەوەیەك لەدەزگای میدیایی خەندان-ەوە:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89133&babet=1&relat=1024
- وەزیری شارەوانی دڵنیایی لەپاکی ئاوی خواردنەوە دەدات:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=90558&babet=1&relat=1024
- وەزارەتی تەندروستی هەرێم: هیچ حاڵەتێکی توشبون بە کۆرۆنا لە هەرێم و عێراق تۆمارنەکراوە:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89077&babet=1&relat=1024
- ئیدارەی پارێزگای سلێمانی هۆشداری لەقۆرخکاری و شاردنەوەی کەلوپەلی تەندروستی دەدات:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89233&babet=1&relat=1024
- لەسەر نرخی دەمامك زانیاری گرنگ دەدرێتە هاوڵاتیان:
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=89158&babet=1&relat=1024

### *سەرچاوە فارسییەکان

### کتاب:

-اسدی، علی: مقدمەای بر جامعەشناسی رسانەهای همگانی، تهران، پژوهشکدە علوم ارتباطی و توسعە ایران، ١٣٨٥.
-انوری، د.حسن: "فرهنگ بزرگ سخن"، جلد پنجم، انتشارات سخن، چاپ هفتم ١٣٩٠.
بوزان، باری: مردم، دولتها، هراس. ترجمە: پژوهشکدە مطالعات راهبردی، ١٣٧٨.
-روحانی، ماجد مردوخ (سرپرست): فرهنگ دانشگاە کردستان، جلد دوم، چاپ اول، ١٣٨٦.
-ستودە، هدایت اللّە: روان شناسی اجتماعی، تهران: أوای نور، ١٣٧٤، (ص ٢١).
-گُردِن ال پُورت و لئو پستمن: ر وان شناسی شایعە ، ترجمە: ساعد دبستانی با همکاری مرکز تحقیقات مگالعە و سنجش برنامە ای صدا و سیما، تهران: سروش، ١٣٧٤.
- نبوی، سیدعبدالحسین و همکاران: بررسی تأثیر پایگاە اجتماعی- اقتصادی و هویت قومی بر اساس امنیت اجتماعی، ١٣٧٨.

### مجلات:

-صالحی امیری، سیدرچا و افسر افشاری نادری: «مبانی نقری و راهبردی مدیریت ارتقای امنیت اجتماعی و فرهنگی در تهران»، شمارۀ پنجاە و نهم، سال بیستم، ١٣٨٩.
-حسینی نثار، مجید و علی قاسمی: بررسی احساس امنیت و عوامل مؤپر بر أن در کشور، چهارمین کنفرانس برنامەریزی و مدیریت شهری، تهران: سازمان ملی جوانان، ١٣٩١.
-افروز، غلامعلی (دکتر): "مبانی روانشناسی شایعە"، بخش اول، مجلە روابط عمومی، شمارە ٩، ١٣٧٦.

-فرح پارسی زاده، پروانه پیشنمازی: چالش‌ها و راهبردهای اجتماعی أپار رواج شایعه وقوع زلزله"، مجله مطالعات مدیریت راهبردی، شماره (۲۵)، بهار ۱۳۹۵.

***سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**-Book:**

- Buzan, Barry; Weaver, Ole (1998), “Libralism and security: the contradictions of the liberal leviathan”, Copenhagen peace research institute (COPRI) Working papers .

-Norman J. Medoff, Barbara Kaye: Electronic Media: Then, Now, and Later, 2016.

**-Magazine:**

-Deangbuppha, jaruwan, and hamingtonnigel, and wilkes keith(2006), using grounded theory to model visitor experiences at heritage sites methological and practical issues, Qualitative market research : an international journal , vol8, 26.

-Gbadamosi, Gbolahan (2004). "Academic ethics: what has morality, culture and administration got to do with its measurement?". Management Decision, 42.

-Svensson, Go¨ran; Wood, Greg (2004). "Codes of ethics best practice in the Swedish public sector: A PUBSEC-scale". The International Journal of Public Sector Management, 17.

-Koh, J.; Kim, Y.; Butler, B. & Bock, G. (2007). Encouraging Participation in Virtual Communities. Communications of the ACM, Vol. 50, No2.

-Wang, J.; Jackson, L.; Wang, H. & Gaskin, J. (2015). Predicting Social Networking Site use: Personality, Attitudes, Motivation and Internet Self-Efficacy. Personality and Individual Differences, Vol80.

- Wyn Jones, Richard (1999): Security, Strategy, and Critical Theory London: Lynne Rienner.

**Web:**

- WHO: Coronavirus
https://www.who.int/health-topics/coronavirus#tab=tab_1